# تأثير التكنولوجيا على التغيير الاجتماعي، الثقافي والتعليمي - دراسة اجتماعية ثقافية عن إقليم كوردستان العراق

م.م.هونەر كمال قادر
جامعة صلاح الدين/ كلية تربية- شقلاوة
بەشی زمانی کوردی
hunar.qader@su.edu.krd

د.هێردن ابراهيم احمد
جامعة صلاح الدين/ كلية الاداب
بەشی دەروونزانی
herdn.ahmed@su.edu.krd

**خلاصة:**

يستكشف هذا البحث تأثير التكنولوجيا على التغيير الاجتماعي، والثقافي، والتعليمي، في إقليم كردستان العراق. كما يهدف إلى دراسة ما إذا كان توظيف التكنولوجيا قد نتج عنه فوائد أو عيوباً أنعكست سلباً أو إيجاباً على المجتمع الكردي. تشير نتائج الدراسة إلى أن التكنولوجيا كان لها تأثير سلبي في الغالب على التغيير الاجتماعي، والثقافي، مما أدى إلى زيادة الاعتماد على التكنولوجيا، وانخفاض الدافع الفردي واستهلاك الوقت، وإدخال قيم ثقافية غير مناسبة في المجتمع وتعزيز التراخي. عن طريق دراسة تأثيرات التكنولوجيا في إقليم كردستان العراق، يسعى هذا البحث إلى اكتساب فهم أفضل لعواقب التطبيق التكنولوجي.

**الكلمات المفتاحية:** التغيير الاجتماعي، والثقافي، والمؤسسات التعليمية، والتكنولوجيا، إقليم كوردستان العراق

## The impact of technology on cultural and educational change-It is a sociocultural study in the Kurdistan Region

A.L. Hunar Kamel Qader
Salahaddin University-Erbil
hunar.qader@su.edu.krd

Dr. Herdn Ibrahim Ahmed
Salahaddin University-Erbil
herdn.ahmed@su.edu.krd

**Abstract:**

This research explores the effect of technology on socio-cultural and educational change in the Kurdistan Region of Iraq. It aims to examine whether the use of technology has resulted in benefits or drawbacks for the Kurdish society. The results of the study indicate that technology has had a predominantly negative influence on socio-cultural change, leading to an increased reliance on technology, a decrease in individual motivation and consuming time, introducing of potentially inappropriate cultural values into society and promote indolence. By studying the effects of technology in the Kurdistan Region of Iraq, this research seeks to gain a better understanding of the consequences of technological implementation.

**Keywords**: Socio-cultural change, educational institutions, technology, Kurdistan Region of Iraq

# کاریگەری تەکنۆلۆژیا لەسەر گۆڕانکاری کولتووری و پەروەردەیی توێژینەوەیەکی سۆسیۆکولتوورییە لە هەرێمی کوردستان

م.ی.هونەر کمال قادر
زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر/ کۆلێژی پەروەردە/ شەقڵاوە
کۆلێژ ئاداب
بەشی زمانی کوردی
hunar.qader@su.edu.krd

م.د.هێردن ابراهیم احمد
زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر/
بەشی دەروونزانی
herdn.ahmed@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە توێژینەوەیەکی سۆسیۆکولتووریی لە هەرێمی کوردستان- عێراق؛ ئامانجی گشتیی، دیاریکردنی کاریگەرییەکانی تەکنۆلۆژیا لەسەر گۆڕانکاری کولتوور و پەروەردە لەسەر کۆمەڵگای کوردی لە هەرێمی کوردستان. هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی- کولتووری لە ڕوانگەی زانستییەوە هەمیشە لە گۆڕاندایە، پرۆسەی گۆڕانکاریش بۆ هەمیشە هۆکارێک لە پشتەوەیەتی، لەم توێژینەوەیەدا لەهەوڵی ئەوەدان بزانین کە ئایا تەکنۆلۆژیا کاریگەری ئەرێنی یاخود نەرێنی هەبووە لە گۆڕانکارییە کولتووری و پەروەردەییەکان؟ ئایا وەکو کۆمەڵگای کوردی سوودمەند بووین یاخود زیانمەند لە تەکنولۆژیا؟

لە کۆمەڵگای توێژینەوە، تا ڕادەیەک گۆڕانکارییەکان نەرێنین، چونکە تەکنۆلۆژیا تاکی کۆمەڵگای بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە بۆ کات بەسەربردن، هێنانی کولتووری نەشیاو بۆ ناو کۆمەڵگا، تەمبەڵکردنی تاک،... تەکنۆلۆژیا بۆ ئەوە سەریهەڵداوە تاوەکو لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت، کەچی لە کۆمەڵگای خۆمان تاکی کۆمەڵگا لە خزمەتی تەکنۆلۆژیا پابەند و لارەملن.
کلیلەووشە: گۆڕانی کۆمەڵایەتی- کولتووری، دەزگا پەروەردەییەکان

پێشەکی:

گۆڕانکاری کولتووری پرۆسەیەکی مێژوویی- کۆمەڵایەتی درێژخایەنە کە کۆمەڵگاکان پێیاندا تێپەڕدەبن؛ لە میانەی ئەو پرۆسەیەدا کۆمەڵێک هۆکار و توخمی نوێ سەرهەڵدەدەن کە کاریگەریان دەبێت لە گۆڕانکارییەکان، لەم توێژینەوەدا کە توێژەر تیشکی دەخاتە سەر کە ئەویش بریتییە لە کاریگەری تەکنۆلۆژیا. تەکنۆلۆژیا دەتوانێت کاریگەری لەسەر شێوازی کارلێکی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر و ڕۆڵەکانی هەر ئەندامێکی خێزان و چۆنیەتی گواستنەوەی نەریتەکان هەبێت؛ لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر پەروەردە.

کولتوور واتە شێوازی ژیان؛ کەواتە ئەوە کولتوورە فێرمان دەکات چۆن (هەڵسووکەوت بکەین، منداڵەکانمان پەروەردە بکەین، چ جۆرە پیاوێک و ژنێک بین، چ جۆرە دایک و باوکێک بین، سەردانی کێ بکەین؟ و کەی سەردانیان بکەین؟، گوێرایەڵی کێ بین؟...)، بەڵام تەکنۆلۆژیا دێت بەتایبەتی ئامێرە دیجتاڵەکان تاڕادەیەک ئەو پابەندبوونانەی کولتوور تێکدەشکێنێ و پابەندی خۆی دەکات؛ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کە لە ڕۆژئاوا سەریهەڵدا بۆئەوەی تاک گۆشەگیر نەبێت! بەڵام لە کۆمەڵگای خۆمان تاک هیچ کێشەیەکی نەبوو، بەڵام سۆشیال میدیا هات گۆشەگیری کرد و لەدەوروبەری دابڕاند...

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەران میتۆدی وەسفی- شیکاری بەکارهێناوە، بۆ ئەمەش بە پشتبەستراوە بە سەرچاوەکان، بۆ لایەنی مەیدانیش میتۆدی سەرنجدانی ڕاستەوخۆی توێژەر بەکارهاتووە کە خۆیان ئەندامی کۆمەڵگای توێژینەوەن.

**ئامانجی توێژینەوە**

هەموو توێژینەوەیەک ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە، ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانیین و دەستنیشانکردنی کاریگەریی تەکنۆلۆژیا لەسەر ئەو گۆڕانە پەروەردەیی و کولتوورییانەی کە بەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتوون. نەریتی کۆمەڵگای کوردی وایە حەز بە پاراستنی کولتووری باوک و باپیرانی خۆی دەکات؛ بەڵام تەکنۆلۆژیا بە دابی نوێەوە خۆی دەکات بە کۆمەڵگاوە، تا چەند کۆمەڵگا ئەوە قبوڵ دەکات؟ ئایا تەکنۆلۆژیا وایکردووە خۆی بسەپێنێ و کولتووری کۆن بشکێنێ؟ یاخود پەیڕەوکەری هەمان کولتوورین "لەڕووی ڕەفتارەوە" بەس لەڕێگای بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای سەردەم؟

**گۆڕانی کۆمەڵایەتی- کولتووری:**

کولتوور دیاردەیەکی وەستاو و چەقبەستوو نییە، بەڵکو لەگەڵ ڕەوتی ژیاندا دەگۆڕێ، ئەگەرچی گۆڕانەکان هەموو کاتێک بەپەلە و هەستپێکراو نابن. گۆڕانی توخمە کولتوورییەکان پرۆسەیەکی مێژوویی و هەمیشەییە و بەردەوامی بە ژیانی کۆمەڵگا دەدات و لە ئەنجامدا ئەم دیاردە گرنگەی لێدەکەوێتەوە کە پێی دەگوترێ "گۆڕانی کۆمەڵایەتی"- واتە گۆڕانی سەرلەبەری سیستەمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا. گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی مێژوویی و حەتمییە شێوەی پرۆسەی هەیە، ئەگەرچی دەرئەنجامەکەی هەموو کاتێک بەرچاونابن- ئەمە ئەگەر گۆڕانەکان سروشتی و ئاساییانە بن؛ بەڵام کاتێک گۆڕانکارییەکان وەکو پێداویستییەکانی پەرەسەندنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەبن، ئەوا بێگومان بەڕادەیەکی زۆر ڕادیکاڵانە و ئاڕاستەکراو دەبن، لێرەشدا دەرئەنجامەکان زوو دەردەکەون، چونکە گۆڕانکارییەکان پلان بۆ دارێژراون، سەرلەبەری سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆن هەڵدەوەشێتەوە و لە جێگەیدا سیستەمێکی نوێ دادەمەزرێ (میران، ٢٠١٦: ٦٥).

تەکنۆلۆژیا، هۆکارێکی کاریگەرە لە گۆڕینی بونیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگادا، چونکە شۆڕشی تەکنۆلۆژیا جووڵەیەکە بەهۆی کاریگەرییەکەی بەر لە دووسەدە تاوەکو ئێستا گۆڕانێکی قووڵی لە دونیا هێناوەتەکایەوە، وەکو: جووڵەی پیشەسازیبوون، گەشەی شارنشینی، خێرایی لە هۆیەکانی گواستنەوە و پەیوەندی...، ژیانی کۆمەڵایەتیش کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو شۆڕشەوە: خێزان، دەزگا ئایینییەکان، ئەدەبیات، هونەر،... هەمووان دوچاری گۆڕانکاریی بوون (شوانی، ٢٠١٩: ٢٣٦)؛ بۆیە ئەو گۆڕانکارییانە بەهای کولتووریی نوێیان هێناوەتە ئاراوە و گۆڕانیان لە کولتووری ڕەسەنی کۆمەڵگا دروستکردووە، وەک باڵادەستیی بەهای ماددیی لەسەر بەهای مەعنەوی و ڕۆحیەکان، لێکترازانی خێزان و تاکگەرایی (تیلیوین، ٢٠١٦: ٨٠).

**دونیای تەکنۆلۆژیا**

لە ڕۆژگاری ئێستادا، لە هەلومەرجی بەرپابوونی شۆرشی تەکنۆلۆژی و بچووکبوونەوەی جیهان، دەتوانین سەرنج بدەین کە چۆن توخمی کولتووریی نوێ بە شێوەی تەکنۆلۆژیا هاتوتە ناو ژیانی کۆمەڵگای کوردییەوە، وەکو: ئۆتۆمبێل، سەتەلایت، ئینتەرنێت، کۆمپیوتەر- ئەوانە بوون بە توخمی کولتووری، چونکە ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین کە چۆن ژیانی کۆمەڵگایان گۆڕیووە، زێدەبوون و بڵاوبوونەوەی ئامێرەکانی گواستنەوە و هاتوچۆی وەکو ئۆتۆمبێل، وایکردووە لە دروستکردنی خانوودا هەمیشە "حسێب" بۆ گەڕاج بکرێت، ئەوەش واتە ئەندازە و ڕوخساری خانووەکان گۆڕاون؛ ئینجا زۆربەی تاکی کۆمەڵگا سەرقاڵی فێربوونی شوفێری و کڕین و فرۆشتنی ئامێر و کەلوپەلەکانیەتی؛ زۆربوون و فراوانبوونی شەقام و شۆستەکان "جێگەی سەرنجە کە لە هەرێمی کوردستان ئەوەندەی "حسێب" بۆ ئۆتۆمبێل کراوە نیوئەوەندە بایەخ بەتاکی پیادە نەدراوە، لە شەقامە بەرینەکاندا جێگەی پەرینەوەی پیادە نییە، شوفێریش هەمیشە بە تورەیی لە پیادە مۆڕدەبێتەوە کە بەپێش ئۆتۆمبێلەکەیدا تێدەپەڕێ یان هۆڕنی توندی بۆلێدەدا". هەروەها ئامێرێکی وا بووە بەهۆی کەمبوونەوەی جووڵە و ڕۆیشتن بە پێ بەجۆرێک کاریگەریی خراپی بەسەر لایەنی تەندروستیی تاکەوە هەیە (میران، ٢٠١٦: ٦٦). هەربۆیە تەکنۆلۆژیا چیتر دیاردەیەکی لاوەکیی ناو کۆمەڵگای ئێمە نین، بەڵکو دیاردەی سەرەکی و بنەڕەتین، دونیای تەکنۆلۆژیا

دونیایەکی کۆمەڵایەتی نوێیە کە تاکی کۆمەڵگای کوردی خۆی لەناویدا دەدۆزێتەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا تەنها گرووپ و لایەن و هێزە ئامادەکانی ناو ڕووبەری گشتی نین کە چالاکن و تەکنۆلۆژیا پەیوەندی نوێ و کاریگەری لەسەر ژیانیان بەجێدەهێڵێت، بەڵکو ئەم تەکنۆلۆژیایە لە ناو ڕووبەری تایبەتیشدا بەشێوەیەکی بەرفراوان ئامادەیە و بەشێکی گەورەی ژیانی تایبەتی کەسانێکی زۆری ناو کۆمەڵگای کوردی لە پەیوەندی ڕاستەوخۆدان بەم ئامێرە تەکنۆلۆژیایە تازانەوە، بۆنموونە: لە زۆربەی ماڵاندا زیاد لە تەلەفیزیۆنێک هەیە، بۆیە وانیشاندەدات ئەندامانی ئەم خێزانە ناتوانن لەسەیرکردنی یەک کەناڵ ڕێک بکەون و ناتوانن یەکرا بن لەسەر ئەوەی پێکەوە سەیری چی بکەن. بۆیە لە زۆر ماڵدا زیاد لە ئۆتۆمبێلێک و ئامێرێکی تەلەفیزیۆن و کۆمپیوتەرێک و لاپتۆپێک و چەندان سمارت فۆن بوونیان هەیە کە هەریەکێک لەم ئامێرانە بۆ سەیرکردنی کەناڵێتر و پێگەیتر و شتێکیتری ناو دونیای تەکنۆلۆژیا بۆ هەریەکێک لەو کەسانە مەیسەر دەکات؛ بە واتایەکیتر تەکنۆلۆژیا لەناو ژیانی کۆمەڵایەتی زیاد لە نەوەیەک بە زیاد لە شێوازێک و مەبەستێک ئامادەیە، چ جیلی کۆنەکان و نوێیەکان، چ ژن و چ پیاو، چ خاوەن پارە و چ هەژاران، دەتوانین بڵێین هەموویان بەکارهێنەری تەکنۆلۆژیان، لە ڕێگای تەکنۆلۆژیاوە ژیانی ڕۆژانەیان ڕێکدەخەن. بۆوەتە هەڵقولانی دۆخێک تاڕادەیەک لە زۆر شوێندا شتێک بە ناوی پیاوان یاخود منداڵانی (گەڕەک، کۆڵان، بەردەرگا) بەمانا سۆسیۆلۆژییەکەی جاران نەماوە، نە یاریی منداڵانی جاران لەناو بڕێک لە کۆڵانەکاندا ماوە، نە کۆبوونەوەی دراوسێکان لەگەڵ یەکدا، نە ئەو سەردان و میوانداریيە شەوانانەی کە بەشێکی گرنگ و بنەڕەتی ژیانی کۆمەڵایەتی بوون (قانع، ٢٠١٨: ٢٤٧)؛ لەم ڕووەوە شێوازی پێکەوەبوون لە خێزان و لە گەڕەک و کۆڵانەکان بوونی هەبوو، لە دەرفەتی تایبەتدا بەیەکەوەبوون و هاموشۆی یەکتریان دەکرد و لە حاڵی یەکتریان دەپرسی، تا ئەو ڕادەیی ماڵ و مناڵ بەتەمای دراوسێیان جێدەهێلدرا، بە جۆرێک متمانەکە گەیشتبووە ئەو ڕادەیی پیاوی ماڵ سەفەری ناوچە و شارێکی تری دەکرد خێزان و منداڵ و ماڵەکەی بەچاودێری دراوسێیەکانی جێیدەهێڵا؛ بەڵام تەکنۆلۆژیا هات بە تایبەتی ئامێرەکانی دیجتاڵ ئەم کولتوورەی سەراوژوورکرد، بەمانا سۆسیۆکولتوورییەکەی "شوێنە کۆنکریت"یەکەی نەهێشت.

یەکێک لە سەلمێنراوەکانی دۆرکهایم ئەوەیە: "بێگومان دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەوەی تاکەکاندایە"، ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە ئەو بابەتانە قبوڵناکرێ لەلای ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان Social Facts بەڵام لە بوارەکانی دیکەی سروشتدا بەبێ هیچ کۆت و مەرجێک وەریدەگرێت، کاتێک توخمەکانی هەر جۆرێک کۆدەبنەوە، ئیتر لەسایەی ئەو کۆبوونەوەیەوە بوار بۆ دەرکەوتنی چەندین دیاردەی نوێ ڕێکدەخات، بۆیە مرۆڤ ناچاردەبێت بە وێناکردنی ئەم دیاردانە، نەوەک بەو سیفەتەی کە لەناو توخمەکاندا هەبێت، بەڵکو لەو قەوارەیەدا کە لە یەکگرتنی ئەو توخمانە دروستبووە، پێی وایە ئەم بنەمایە بەسەر کۆمەڵناسیدا پراکتیز بکرێت؛ ئەگەر گریمانە کە کۆمەڵگا لە چەند توخمێکی جیاواز پێکهاتووە، ئەم پێکهاتەیەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەند دیاردەیەکی نوێ کە جیاوازبێت لەوانەی لە دابڕانی تاکدا لە هۆشیاریەکەیدا دروست دەبێت، ئیتر هیچ دەربازبوونێک نییە جگە لەوەی کە ئەو راستیە دیاریکراوانە لە ناخی ئەو کۆمەڵگایەدایە کە بەرهەمی هێناوە و لەبەشکانیدا نییە، واتە لەناخی تاکەکاندا نییە (Durkheim 1982, 38- 49) (والەرستین، ٢٠١٤: ٢٨ و ٩١)؛ لە کۆمەڵگای کوردی بەشێوەیەکی گشتی ئامادەکاری و ڕێکاری هۆشیاری و مەعریفی و ڕۆشنبیری بۆ دیاردەکان نەکراوە، بەڵام وەکو واقیع هاتیە و قبوڵکراوە و لەگەڵی ڕۆیشتووە، هەر بۆیەش زۆرجار بەهەڵە بەکاردەهێنرێ (احمد، ٢٠٢٢: ١٤٨) هەروەکو کە تەکنۆلۆژیا هات لایەنە سۆزدارییەکە زاڵبوو نەوەک لایەنە ئەقڵانییەکە، لایەنە هۆشیاریی و ئەقڵانی و مەعریفییەکە نەیتوانی جێگەی خۆی بەهێزبکات ئینجا هەنگاو بنێت؛ هەرچەندیش ناتوانرێ زۆر گلەیی لە تاکی کۆمەڵگا بکرێ، لەبەرئەوەی تاک هۆشیار دەبێت لە ڕێگای دەزگاکانی (پەروەردە، ڕاگەیاندن، ئایینی) کەچی ئەم دەزگایانە قۆرخکراوە لەلایەن ئایدۆلۆژیاکانەوە، بە هۆشیاربوونی تاک کێرفیان دادەبەزێت، بۆیە دەبێتە زیان بەسەریان.

**لایەنی نەرێنی تەکنۆلۆژیا:**

لێرەدا کەباسی دەکەین زیاتر لایەنی دیجتاڵی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن کە زۆرجار بوون بە کێشە لە کۆمەڵگادا، ئیدمانبوون تەکنۆلۆژیا کێشەی بۆخۆی و ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژی کە پێویستی بە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی مرۆڤەکان بەیەکەوە هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا دروستکردنی چەندان دەمامکی و کەسایەتی سەختە بەتایبەت لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان. مرۆڤ دەتوانی لە پشتی شاشەوە کەسایەتی خۆی بگۆڕێت بە ناویتر و کەسایەتیتر و شوناسیتر بۆخۆی دروستبکات. گەورەکردنی مەوداکانی درۆکردن، لە کۆمەڵگادا ڕۆژانە گوێبیست دەبین، کەسانێک هەن چەندەها ئەکاونت و لاپەڕەی جیاوازیان بەناوی ترەوە کردۆتەوە، بۆ مەرامی کەسی یاخود ئایدۆلۆژیایەک (قانع، ٢٠١٨، ٢٦٧)؛ هەروەکو "فۆکۆ" ش زۆر جەختی لەسەرکردۆتەوە (چاودێری- مراقبة) بەشێکی گرنگی دەسەڵاتی مۆدێرنە؛ تا تەکنۆلۆژیا بەرەو پێش بچێت، تەکنیکەکانی ئەو چاودێرییە و غەریزەی چاودێریکردن لەلای دەسەڵاتداران گەورەتردەبێت، دەسەڵاتی* مودێرن دەیەوێ هەموو شتێک ببینێت و ڕووبەرێکی شەخسی و ئازاد و تایبەتی بۆ تاکی کۆمەڵگا نەهێڵێتەوە؛ مرۆیی هاوچەرخ هەموو زانیارییەکی لەبەردەست دەسەڵاتداراندایە، لە وڵاتان لە ڕێگای کامێرای چاودێرییەوە ڕۆژانە وێنەمان دەگیرێت، بەردەوام دەیان مانگی دەستکرد و بەدەیا تۆڕی کۆکردنەوەی زانیاری هەموو زانیارییەک لەسەر هەموو شتە تایبەتەکانمان کۆدەکەنەوە؛ هەربۆیە بەجۆرێک سیستەم بە ئاسانی دەتوانێت بزانێت سەیری چ بەرنامەیەک و ماڵپەرێک دەکەی، تا ئەو ڕادەی دەتوانێت ئیمێلەکانمان بخوێنێتەوە، دەتوانین بڵێین تەکنۆلۆژیای نوێ و کەرەستەکانی ئەو زەمینەیان ڕەخساندووە کە کۆنترۆڵی تەواو کۆمەڵگا بکەن، لەبەرامبەر ئەوەشدا سیستەم تا دێت لە ڕێگای هەمان تەکنۆلۆژیا خۆی تاریکتر دادەپۆشێ و دەرگای ماڵی خۆی توندتر دادەخات (عەلی، ٢٠٢٢: ٤٥).

تەکنۆلۆژیا هەموو میللەتانی وڵاتانی داگیرکردووە؛ بەرهەمی خۆی دێنێ و پرس بە کەس ناکات و بازاری خۆی پڕدەکات، هەربۆیە تەکنۆلۆژیا بۆتە بە یەکێک لە زەروورەتەکانی ئەم زەمانە. هەموو ئێتۆناسان دەبینی لەئێستادا موبایل و لاپتۆپی پێیە و سەیارەشی ئەگەر هەبێ بەڵام کولتوور "ثقافەتە"کەی پاشکەوتووە. خۆی لەخۆیدا تەکنۆلۆژیا ئاماژەیەکە بۆ پێشکەوتنی میللەتان ئەگەر وەکو خۆی بەکاربیهێنی، چەندێک لەو میللەتەدا و بزوتنەوەی سیاسیی زووتر هەست بە پێشکەوتن بکات ئازار و نەهامەتی کەمتر دەبێ، بەڵام کاتێک کە ئەوە نەبێ پەرت و بڵاو و خیلافات و پاشکەوتن و گەندەڵی لە میللەتەکەدا ئازاردەدا بۆ چەندان ساڵ.

ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگی هەیە لە پێکەوەبەستنەوەی کۆمەڵگا و پێگەیاندنی زانیاریی و زیندوراگرتنی ژیانی ڕۆژانە، بەڵام چەندی دەکەوێتە ناو پلانی وڵاتەکە! ئەگەر حکومەتەکە و بزوتنەوە سیاسییەکە و ئەو سەنتەرانەی کە میدیا دروست دەکەن پلان و پێشکەوتن و پێوەر و قانونیان هەبێت. بەڵام زۆرجار دەزگا ڕاگەیاندنەکان خزمەتی ئایدۆلۆژیایەک دەکەن، کە کار دەکاتە "ثقافەتی" ناکامل و بێ بەرنامە و پەرتوبڵاوی خۆی دەسەپێنێ بەسەر میللەتەکەدا هەروەک ئێستا وایکردووە ڕاگەیاندن یان میدیا لە کوردستان دەورێکی ئەرێنی نەبێ. سەرباری ئەوەی ئەو کارەکتەرانەی کە لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان کاردەکەن نەبوونە بەهۆکاری ئەوەی ئەرێنی بن، بەڵام لە ڕاستیدا نوێنەری کۆمەڵێکن لە ئاستی ثقافەت و ئەوەی ناو بازاڕ دایە، پێشکەوتن نییە، لەبەر هەندێ دەڵێن پۆپۆلیزم یەعنی ئەفکاری جادە، وڵات وێران دەکات؛ ڕاگەیاندنی ئێمە لە ئێستادا لەناو شەقامە، کەچی ڕاگەیاندن دەبێ لە ئاستێکی بەرزی زانست و ڕاستیبینی و پلانداڕێژراو دابێ، بەشێوەیەك کە وڵات پێش بخات و خەڵک ڕابکێشێت، نەك لەگەڵ خەڵک هەڵپەڕێ.

---

* وشەی دەسەڵات، مەرج نییە تەنیا بۆ دەسەڵاتدەدرانی وڵات بێ، دەکرێ باس لە دەسەڵاتی (خاوەن کۆمپانیا، باوک، بەڕێوەبەرێک ...)

**دەزگا پەروەردەییەکان و تەکنۆلۆژیا**

سەرچاوە پەروەردەییەکان بەپێی جۆری کۆمەڵگا و ڕادەی پێشکەوتن و ئاڵۆزی، گەورەیی و بچووکی، هەروەها سەردەمە جیاوازەکانی مێژوویی ژیانی کۆمەڵایەتی، جۆر و شێوازەکانی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە؛ لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا یەکەم ناوەندی پەروەردەیی بریتییە لە "خێزان" کە تاکە ناوەند بووە، دواتر سەرچاوەی تری وەکو دەزگا ئاینییەکان یان پەرستگاکان، دواتر بە ئاڵۆزبوون و پێشکەوتنی ژیان قوتابخانە و دامودەزگای تری وەکو کۆمەڵە و دامەزراوەی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر و دەزگاکانی ڕاگەیاند... هاتوونەتە ئاراوە کە هەریەک بەڕێژەی جیاواز و بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریان کردووەتە سەر پەروەردەکردنی تاکی کۆمەڵگا. هەربۆیە دابەش دەکرێت بەسەر دوو دەزگادا، دەزگا پەروەردەییە نافەرمییەکان (خێزان، ئاینی، ڕاگەیاندن، پیشەیی، ڕۆشنبیری، ...)، دەزگای پەروەردەی فەرمی (قوتابخانە) (عەبدوڵا، ٢٠١٠: ٣٢).

**دەزگا نافەرمییەکان:** ئەوەی لەم توێژینەوە دەپرژێنە سەر تەنیا دەزگاکانی (خێزان و ئاین)ە.

**خێزان:** (برجس و لۆک)، پێناسەی خێزان دەکەن بەوەی "گروپێکن لە تاکەکان کە لەڕێگەی هاوسەرگیری، خوێن، لەخۆگرتن بەیەکەوە پەیوەست بوون و بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەیەکەوە نیشتەجێبوون و کارلێکی بەردەوام لە نێوانیاندا هەیە، ئەویش لە ئەنجامی ئەوەی کە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان ئەنجام دەدەن و شارستانییەتێکی هاوبەشیان هەیە" (البنوی، ٢٠٢٠: ١٧٣)؛ ئۆگست کۆنت پێی وایە: یەکەی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی "خێزانە"، ئەوا لە حەقیقەت و فسیۆلۆجی دەریدەخات کە خێزانەکان دەبنە هۆز، هۆزەکان دەبنە نەتەوە (Comte 2009, 133)، ئەوەش ئەمە دەگەینێ خێزان بناغەی کۆمەڵگایە، کەواتە خێزانی تێگەیشتوو یەکسانە بە کۆمەڵگای پێگەیشتوو (احمد &قادر، ٢٠٢٣). یەکەمین دەزگا بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، بریتییە لە خێزان، هەر لەوێشەوە ئەو بونەوەرە بایۆلۆژیە دەبێتە بە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی.

تەکنۆلۆژیا بەتایبەتی "ئامێرە دیجیتاڵییەکان"، لە ئێستادا بۆتە سەرچاوەیەکی کاریگەریی مەعریفە بۆ تاکی کۆمەڵگا، بەرادەیەک ڕۆژانە هەموو ساتێک سوودی لێوەردەگیرێ، جا ئەو سوود وەرگرتنە بۆ خۆشی و ڕابواردن بێت یاخود بۆ مەعریفە و زانیاری؛ دایک و باوکانی وا سەرقاڵکردوون کە زۆرجار ئاگاداری پەروەردەکردنی منداڵەکانیان نەبن، بۆنموونە: لە زنجیرە فیلیمێک وا "باسی باوکانی دەکرد هاوشێوەی بانکی ATM، هەرکاتێک منداڵەکە پارەی پێویست بایە ئەوکات سەردانی باوکی دەکرد، بەڵام بۆ دەردەدڵی و هەبوونی ڕاوێژکردنی وانەکان،... هیچ کاتێک سەردانی باوکی نەدەکرد، بۆیە ناویان نا بە (باوکی ATM)" (احمد، ٢٠٢٢: ٢١٦) ، ئێستا لە کۆمەڵگای کوردیدا بووین بە دایک و باوکیATM، چونکە بەهۆی سەرقاڵبوونیان بەکارەکانیان و لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ ماڵ تەنها خەریکی سەیرکردنی موبایل و تەلەفزیۆن دەبن، ئاگاداری پەروەردەکردن، کێشە و گرفتەکان و وانەکانی منداڵەکان نابن، تەنها پارە دەدەن بە منداڵەکان بەبێ ئەوەی بەدواداچوون بکەن کە ئەو منداڵە خەریکی چیە؟ گیروگرفتی؟ بەربەست و ئاستەنگەکانی کە دێتە پێشی لە ژیانی ڕۆژانەیدا؟ ئەمەش لە داهاتوودا کولتوورێکی خراپ دادێنی؛ تاڕادەیەک منداڵەکان پەروەردە دەکرێن لەلایەن یاریە ئەلکترۆنییەکان و سۆشیال میدیا و کەناڵە یوتوبیەکان...

**دەزگا ئاینییەکان:** بەبڕوای ئۆگۆست کۆنت لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا ئاین شوێنێکی گرنگی هەیە. بە درێژایی مێژوو ئاین هەمیشە ئەو توخمە بووە کە خەڵک پێکەوە کۆدەکاتەوە، یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات و هاوسەنگی مسۆگەر دەکات (ÇİÇEK 2019, 9).

لەمساڵانەی دواییدا، ئاین بۆتە دینێکی تەلەفزیۆنی و میدیایی... واتە دینێکی ڕوحانی و خەڵوەتی نییە، بەڵکو جۆرە نمایش و شۆیەکی میدیاییە، تێیدا لە بری ڕامان و هێمنی و خوداپەرستی، دەنگەدەنگ و حەماسەتسازی ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. ئاین لە سەردەمی تەکنۆلۆژیادا دیوە ڕۆحانییەکەی خۆی دۆڕاندوە و بووە بە جۆرە نمایشێکی تیاترالی کە تیایدا بەردەوام ئەکتەرێکی دەنگ بەرز ئەوانیتر هاندەدات... بەشێک

له پیاوانی ئایینی وەک چەک بەکاردەهێنرێن لەلایەن ئایدۆلۆژیایەکیتر بۆ مەبەستەکانی خۆیان، گەیاندنی پەیامی ئایدۆلۆژی (سیاسی، کۆمەڵایەتی،...) له ڕێگای پیاوانی ئایینی که وەک مەرجەعێکی ئایدۆلۆژیای ڕەها سەیربکرێت، وەک سەرچاوەیەک که تەنیا حەقیقەتی دینی لا نییە، بەڵکو حەقیقەتی تری لەلایە (عەلی، ٢٠١٩: ٢٦٧). هەربۆیەش، لەئێستادا تاک پەروەردە دەکرێت لەلایەن پەیڕەوکارانی ئایینی جگە له مینبەرەکانیان، بەڵکو لەڕێگای (تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ،...) تاک ئاراسته دەکرێت و پەروەردە دەکرێت.

**دەزگا فەرمییەکان: ئەگەر بێت و بڵێین تەنها قوتابخانە دەزگایەکی فەرمی پەروەردەیە؟ بەدڵنیایەوە وەڵامەکەی نەخێرە! چونکە بەشێک لە دەزگای (ئایینی، ڕۆشنبیری...)هەن فەرمین و ڕۆڵ دەبینن لە پەروەردەی کۆمەڵگادا، بەڵام لێرەدا ئێمە تەنها قوتابخانە وەردەگرین.**

**قوتابخانە:** پەروەردە و فێربوون میکانیزمی ئاشناکردنی مرۆڤە بە زانست و زانیاری و بەها باڵاکان به ئاراستەی دروستکردنی نەوەیەکی بەئاگا و بەرپرسیار له کۆمەڵگا، بەو پێیەی پەروەردە و فێربوون کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی تاک هەیە (جاف، ٢٠١١: ٥).

هەربۆیە قوتابخانە وەکو دەزگایەکی پەروەردە، پێگەو جێگەی تایبەت بەخۆی هەیە لەناو جەرگەی ژیار و شارستانێتیە دێرینەکان و نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا، دەرکەوتنی بایەخی پەروەردە و مەودا فراوانەکانی لەسەر ئاراستەی ژیانی خەڵکی و هەوڵدان بۆ پاراستنی کولتوور، وایکردووە کە پەروەردە گەشەیەکی باش بکات و کارلێکی هزری بکات لەگەڵ خودی مرۆڤدا، لەئەنجامی ئەوەشدا پەروەردە بووە بەو دەزگا کاریگەر و گرنگەی که وەکو هەوێنی ژیان ئاوێتەی هەموو لایەنەکانی گوزەرانی خەڵکی بووە؛ جان جاک ڕۆسۆ دەربارەی پەروەردە، دەڵێ: "ئەرکی پەروەردە ئەوەیە کار بکات بۆ ڕەخساندنی دەرفەتە مرۆڤایەتییەکان تاکو منداڵ لەسەر سروشتی خۆی گەشە بکات و له ڕوانگەی خواست و ئاواتەکانیەوە سەرچاوەی گرتبێت" (ئالانی ، ٢٠١٤؛ ٧٨ و ٧٩)؛ کەواتە قوتابخانە دەزگایەکە بۆ برەودان بە بەها مرۆڤایەتییەکان و قوتابی پێش ئەوەی فێرە خوێندنەوە، نووسین، ماتماتیک، زیندەوەرزانی و فیزیک... بێت، دەبێ فێر ئەوە بکرێ کە چۆن بەها مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان گەشەی پێبدات و پارێزگاری لێ بکات... لەبەرئەوەی قوتابخانە کارگەی دروستکردنی تاکی پەسند و هۆشیارە.

ناکرێ ئەوەش لەبیربکرێ، هەموو کارگەیەک پێویستی بە کەرەستەی خاو هەیە، (بۆ دروستکردنی کێک، پێویستت بە ئارد، ئاو، هێلکە، ڕۆن... هەیە، ئەگەر ئاگرێکی جوانت نەبێ، ئەوکات کێک ێکی پوختە دروست نابێ و تێکدەچێ، دەبێت بە بەڵا بەسەرتەوە)، بۆ دروستکردنی تاکی کۆمەڵگاش بەهەمان شێوە، با قوتابخانەیەکت هەبێ لە بلۆک و چیمەنتۆ، کورسی و مێز، وایت بۆرد و داتاشۆ... تێدابێ، پێویستمان بەوە هەیە کارەکتەرەکانی پەروەردە "مامۆستایان" پەسند و شیاوبن.

لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ ئەرکی مامۆستا لەبیربکرێ، بەتایبەتی له شار و شارۆچکەکانی کوردستان، گەڵێک ئەرکی قورسیان لەسەر شاندایە، ئەگەر هیچ نەبێ دوو هۆکار بەتەواوەتی مامۆستایانیان شەکەت و ماندوو کردووە:

١-زۆری ژمارەی قوتابیان، کە زۆربەیان یاری ئەلکترۆنی و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و پەروەردەی کۆڵان بووە بە مۆرێکی کوشندە بە پەروەردەکەیانەوە (ئالانی ، ٢٠١٤: ١٠٨)؛ کە ئەمەش دەبێتە هۆی مامۆستا نەتوانێ وەکو پێویست پەیامە پەروەردەییەکان بگەینێ، تەنها دەرفەتی ئەوەی دەبێت وانەکانی شیبکاتەوە؛ یارییە ئەلکترۆنییەکان وا لە قوتابی دەکات کە تەرکیزی کەمتر بێ لە قوتابخانە، تەنیا مێشکی لەلای یارییەکەی بێت که ڕۆژی ڕابردوو بەجێی هێشتووە؛ کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بەشێکیان کاریگەری زۆر خراپی بەجێهێشتووە، لەبەرئەوەی زۆرجار دایک و باوکان سەیری (زنجیرە فلیم، فلیم، بەرنامە...)یەکی تەلەفزیۆنی دەکەن، منداڵەکە پەروەردەی ئەو کەناڵە وەردەگرێ و لەناو کۆمەڵگا مومارەسەی دەکات؛ هەندێکجار دایک و باوکان خۆیان بە دڵسۆزی منداڵەکانیان دەزانن، لەبەردەم منداڵەکانیان موشتومڕی ئەوە دەکەن کە چ کەناڵێک باشە بۆ ئەوەی منداڵەکەیان سەیر بکەن، لەم کاتەدا منداڵەکە خۆی تووشی گرێی

دەروونی دەبێ؛ پەروەردەی کۆڵان، لە کۆڵانەکان بەبەردەوام ئەو قسە نەشیاوانە دووبارە دەبنەوە کە لەکەناڵە تەلەفزیۆنەکان دەگوترێ لە (ڕێکلام، زنجیرە فلیم و بەرنامەکان).

٢-ئامادەنەبوون و لێ نەپرسینەوەی دایکان و باوکان لە منداڵەکانیان (ئالانی ، ٢٠١٤؛ ١٠٨)؛ بە بیانووی ئەوەی کاتیان نییە، دایکان و باوکان لە ڕەوشی منداڵەکانیان ناپرسن ئایا لە قوتابخانە چ دەگوزرێ؟ هەڵسوکەوتیان چۆن؟ کوالێتیان لە چ ئاستیکدایە؟... هۆکارەکەشی ئەوەیە کە تەکنۆلۆژیا ئەوەندە سەرقاڵیان کردووە کاتی ئەوەیانی نەهێشتووە لە پەروەردەی منداڵەکانیان بەرپرسیاربن.

لەگەڵ ئەوەشدا، نابێ ئەوە لەبیربکرێ پەروەردەکاران "دایباب و مامۆستایان" تامەزرۆن بۆ خاوەندارێتی و موڵکدارێتی زیاتر، بۆیە گۆڕینی هەموو شتەکان و هەموو کەسەکان کە بەرامبەریان دەوەستنەوە بۆ کاڵایەکی بێگیان بەپێویست دەزانن، ئەوەش لەگەڵ خواستە سادیستییەکەیاندا یەکدەگرێتەوە و جێبەجێ دەبێت؛ ئەرێک فرۆم دەڵێت: "هەستکردن بە خۆشی و بەختەوەرییەک کە لە زاڵبوون و زەوتکردنی کەسی دیکە، یان کەسانی دیکەوە هاتبێت، ئەوە کرۆکی سادیزمە*؛ بەواتایەکی دیکە، بیری سادیستی، گۆڕین و شێواندنی مرۆڤە بۆ کاڵا، یان گۆڕینی شتە زیندووەکانە بۆ شتگەلێکی بێگیان و بێژیان، چونکە بە ڕەهایی زاڵبوون و زەوتکردنی مرۆڤ، زەوتکردنی ڕوخسار و ناخە بنەچەییەکانی مرۆڤە بەداگیرکردنی ئازادییانە" (فرێری، ٢٠١٥: ٨٦). لە ڕێگای ئەو خاوەندارێتیە لەلایەن پەروەردەکاران، هەوڵی داگیرکردنی خەون و خەیاڵی "منداڵان و قوتابیانە"، زۆرجار دەگاتە ئەو ئاستەی کە زانست و تەکنۆلۆژیا بۆ خزمەتی مانەوەی خۆی "وەکو خاوەندارێتی" بەکاریدەهێنێ؛ ئینجا کێشەکە لێرەدا سەرهەڵدەدات، پەروەردەکاران "دایباب و مامۆستایان" لەسەردەمانی خۆیاندا، خۆیان وەکو بوونەوەرێکی گوێڕاڵ دەبینی، بۆیە پێویستە منداڵەکانیشیان بەو شێوەیە بن، کەچی منداڵەکان وەکو توێژەر ڕام وایە دابەشی سەر دوو بەش بوون، بەشی یەکەم ئەوانەن کە گوێڕایەڵی مامۆستا و دایک و باوکن و پابەندی نەریتی کۆنن (منداڵێکی بێدەنگ، ئەوەی گەورەکان دەڵێن ڕاستە، منداڵ بۆی نییە هیچ قسەیەک بکات،...)، پابەندی ئەو پەندە کوردییەن کە دەڵێت (گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە)؛ بەشی دووەم، ئەوانەن کە کاریگەری تەکنۆلۆژیان بەسەردا زاڵبووە، ئەویش بەشە زۆرەکەی کۆمەڵگان، لەبەرئەوەی مرۆڤەکان بەردەوام لە گۆڕانکارین بە گوێرەی پێداویستییەکانی ژیان، هەربۆیە دەکرێت ئەم بەشەش دابەشبکرێت بۆ دووبەش، بەشێکیان تەکنۆلۆژیا بۆ خزمەتی کۆمەڵگا بەکارهێناوە، واتە لەم ڕێگایەوە فێرە زمانی بیانی و هێنانە کایەوە کولتووری نوێ بۆ کۆمەڵگایان فەرهامکردووە، تاکیان ڕۆشنبیرکردووە، تا ئەو ڕادەی قوتابی بە شیکردنەوەکانی مامۆستا ڕازی نابێ، بەڵکو زیاتر بەدواداچوون دەکات و گفتوگۆی زانستیانە لەگەڵ پەروەردەکارانی دەکات، .... بۆیە خەیاڵکردنیان زۆر فراوانە (ئەوانەش بەشێکی کەمی کۆمەڵگایان داگیرکردووە). بەشەکەی تریان دەکرێت ناوەیان لێبنرێت: (لەقاڵبدراوی تەکنۆلۆژیا)، ئەو بەشەیان پشکی شێری بەرکەوتووە، تەنها مومارەسەکردنی لایەنە خراپەکانی تەکنۆلۆژیایە، ڕووبەڕووی پەروەردەکاران دەبێتەوە هەروەکو لە فلیم و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان یاخود یارییە ئەلکترۆنیەکاندا هەیە... لەم ململانێیەی یەکێک لە چەمکە بەناوبانگەکەی فرۆید دەردەکەوێت کە ئەویش "گرێی ئۆدیب Oedipus Complex"†ە، کە پەروەردەکاران دەیانەوێ خۆیان چۆن پەروەردەکراون پێویستە منداڵ و قوتابیەکانیان بەو شێوەیە پەروەردەبن، کەچی خۆشیان بەکارهێنەری ئەو تەکنۆلۆژیایەن.

ئەنجام:

* – سادیزم: جۆرێکە لە نەخۆشی دەروونی و کۆمەڵایەتی، بریتییە لە خۆشی و چێژوەرگرتن لە ئازاردانی کەسانی تر، جا ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، جەستیی بێت یان دەروونی، یان هەردووکیان پێکەوە (قەرەچەتانی، ١٩٩٩: ٤٥).

† – گرێی ئۆدیب: زاراوەییەکی فرۆیدییە، بەواتای پەیوەندی منداڵ بە دایکییەوە، پەیوەندییەکی زایەندەیی (جنسی)ە، لای کچان گرێی (ئەلکترا)ی پێ دەوترێت (الشریف، ١٩٨٥: ١٤٧).

1 . تەکنۆلۆژیا کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شارستانیەتی مرۆڤایەتی هەبووە، لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێت لە دارِشتنی جیهانەکەمان. بەڵام گرنگە ئاگاداری مەترسی و ئاڵنگارییەکانی ئەگەری تەکنەلۆژیا بین، و بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە بەکاری بهێنین.

2 . تەکنۆلۆژیا توانای ئەوەی هەیە گۆرِانکاری و پێشکەوتنی گەورە لە جیهانەکەماندا بهێنێتە ئاراوە.

3 . ئەوە کاریگەری تەکنۆلۆژیایە کە لێکترازان و ململانێی لە نێوان نەوەی نوێ و نەوەی کۆن دروستکرد.

4 . کاریگەری تەکنۆلۆژیایە کە زیاتر تاکی گۆشەگیر و بێ متمانەیی دروستکرد.

5 . تەکنۆلۆژیا کۆمەڵێک ئامێرەکانی فێرکردنی لەگەڵ خۆیدا هێنا وەکو: (سمارت بۆرد، لاپتۆپ، داتاشۆ،...) کە خۆی لەخۆیدا سوودمەندبوونی باشە، بەڵام هەڵەکە لێرەدا کە دەست پێ دەکات ئەگەر هات وەکو خۆی بەکاری نەهێنین، ئەوکات دەبێ زیان بەسەرمانەوە.

6 . بەشێک لە تاکی کۆمەڵگا، لە رِێگای تەکنۆلۆژیاوە دونیای دەرەوەیان بۆ کراوەتەوە، وەکو داواکردنی ئامێرە پزیشکیەکان، سەرچاوە زانستیە بەسوودەکان، ئاگاداربوون لە توێژینەوە سەردەمیانەکان... لەم خاڵەدا پێمان دەڵێن تەکنۆلۆژیا سوودی هەیە؛ لەبەرامبەرشیدا، کە ئەمەش بەشێکی زۆری تاکی کۆمەڵگا بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، سەرقاڵبوونیان بە تۆرِە کۆمەڵایەتییەکان و پشتگوێ خستنی منداڵەکانیان، سەیرکردنی تەلەفزیۆن و سەردانینەکردنی خزم و کەس، یاریکردنی ئەلکترۆنی و نەخوێندنەوەی کتێب،...

7 . لەکاتی پەتای کۆرِۆنا کە باڵی کێشابوو بەسەر کۆی جیهاندا، کوردستانیش بەدەر نەبوو لەم پەتایە، تەکنۆلۆژیا سوودی زۆری هەبوو، بەتایبەت ئامێرە دیجتاڵەکان بۆلایەنی پەروەردەیی، کە کاریگەرێکی بەهێزیان هەبوو بۆئەوەی ساڵی خوێندنی قوتابیان نەفەوتێت- بەڵام لە هەرێمی کوردستانیش بوون بە دووبەش، بەشێکیان تیایدا سوودمەندبوون وەکو ئەوەی وابی لە کلاسەکانی قوتابخانەن، کەچی بەشەکەی تریان هیچ سوودێکی نەبوو تەنیا بەرِێکردنی ساڵەکەیان بوو.

سەرچاوەکان:


1- بەختیار عەلی ,٢٠١٩. ئۆپۆزسیۆن و پۆرتریتەکانی. ناوەندی رِۆشنبیری رەهەند.

2- بەختیار عەلی. ٢٠٢٢. منداڵەکانی ساتۆرن. سلێمانی: ناوەندی رِۆشنبیری رەهەند.

3- پاولۆ فرێری. ٢٠١٥. پێداگۆگیی ستەملێکراوان. ترجمة وەرگێرانی :جیهاد محەمەد. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

4- چنار سەعد عەبدوڵا. ٢٠١٠. پەروەردە و نەتەوایەتی: لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی مێژووییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. هەولێر: دەزگای ئاراس.

5- صباح عەلی جاف. ٢٠١١. پەروەردە و فێربوون، گرفت و گۆرِان.

6- عبدالستار طاهر الشریف، ١٩٨٥، قاموس علم النفس، مطبعة علاء،ط1، بغداد.

7- عزیز ئالانی . ٢٠١٤. پەروەردەکردنی منداڵەکانمان. سلێمانی: چوارچرا.

8- كریم شریف قەرەچەتانی، ١٩٩٩، هەندێ نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

9- مستەفا تیلیوین. ٢٠١٦. دەروازیەکی گشتی لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیاوە. ترجمة وەرگێرانی: نادیە وەلی جەبار. هەولێر: نووسینگەی تەفسیر.

10- مەریوان وریا قانع. ٢٠١٨. کۆمەڵگا و غەریبەکانی. چاپی یەکەم. سلێمانی: ناوەندی ئەندێشە.

11- نایف البنوی. ٢٠٢٠. "دەزگا و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان." تألیف دەروازەی کۆمەڵناسی، تحریر فهمی سلیم العزوی و کۆمەڵێک نووسەر، ترجمة وەرگێران: توانا فریدون، ١٦٥. هەولێر: چاپخانەی مێخەک.

12- هێردن ابراهیم احمد. ٢٠٢٢. ڕۆڵ و کاریگەری بەها کولتوورییەکان لەسەر پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی: توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆگییە لەهەرێمی کوردستان. هەولێر: تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.

13- هێردن ابراهیم احمد، و هونەر کمال قادر. ٢٠٢٣. "قەبارەی خێزان لە کۆمەڵگای کوردیدا و پەیوەندی بە کولتوور و پەروەردەوە: توێژینەوەیەکی سۆسیۆکولتوورییە لەشاری هەولێر." مجلة الجامعة العراقية المحكمة ١٨.

14- هێمن ئەمین شوانی. ٢٠١٩. "گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر جیابوونەوەی هاوسەران." گۆڤاری شیکار حەوتەم- ژمارە ٢٧.

15- ئیمانوێلا والەرستین. ٢٠١٤. زانستی کۆمەڵناسی ڕۆژئاوا: لێپێچینەوە و دادگاییکردن. ترجمة کۆسار بەرزنجی. سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

16- Auguste Comte .2009 .THE POSITIVE PHILOSOPHY OF AUGUSTE COMTE .Volume 2 .new york: Cambridge Universit y Press.

17- Ömer ÇİÇEK, 2019. NURETTİN TOPÇU’NUN SOSYAL DEĞİŞME YAKLAŞIMININ ANALİZİ. SAKARYA ÜNİVERSİTESİ- YÜKSEK LİSANS TEZİ.

18- Emile Durkheim .1982 .The Rule of Sociogical Method .